The Centre of Halabja
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.info

Nawendî Helebce
*Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd*
*ÇAK*
contact@chak.info

ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد -چاک-

# ڕوونکردنەوەی زۆرینەی دەستەی بەڕێوەبەری ناوەندی چاک

**بۆ هەموو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن**
**بۆ ڕای گشتی خەڵکی کوردستان**
**بۆ هەموو ئەندام و دۆست و لایەنگرانی چاک لە هەر کوێ هەن**

بە داخەوە ماوەیەکی زۆرە ناوەندی هەڵەبجە، ڕێکخراوی دژی جینۆسایدی گەلی کورد و خۆشەویستی خەڵکی کوردستان، ئەو ڕێکخراوەی بۆ شەش ساڵە کاری سەربەخۆ و بوێرانە بۆ ڕیسواکردنی داگیرکەران و هەڵدانەوەی تاوان و کارە دزێو و دژ بە مرۆڤایەتیەکانیان ئەنجام ئەدات، ئەو ڕێکخراوەی گەورە بازرگانی چەکی کیمیاوی و دۆستی نزیکی سەدام حسێنی ڕاپێچی دادگای هۆڵەندا کرد و حوکمی عادیلانەی بەسەردا سەپاند، بە هۆی ڕەفتاری تاکڕەویی و سیاسەتی چەوتی باڵی سەرپەرشتیارەوە، دووچاری قەیران و گیروگرفتی ڕێکخراوەیی هاتووە.

ئەو قەیران و گیروگرفتانەی بەر لە هەر کەسێک ئێش و ژانی گەورەی بە سەر دڵی ئێمە گەیاندوە و بە هۆی خۆشەویستی لە ڕادەبەدەریشمانەوە بۆ ئەم ڕێکخراوە و ئامانجە پیرۆزەکانی ناچار بوین هەتاکو ئێستا بێ دەنگ بین و دان بە خۆماندا بگرین. بەڵام مەخابن لایەنی بەرانبەر بە دوور لە هەر بەرپرسیارێتی و ڕەوشتێکی ڕێکخراوەیی و هاوڕێیانە درێژەی بە کارە نایاسایی و ناڕەواکانی خۆی داوە و هەموو ئەو ڕەوش و دەرد و کەماسیانەی هێناوەتە نێو ڕیزەکانی چاکەوە کە هەموو خەڵکی کوردستان نەفرەتی لێدەکەن و بە هۆیەوە تاڵاو و ئازاری گەورەیان چەشتووە.

لە ماوەی ڕابردوودا زۆرمان هەوڵدا بۆ ئەوەی سنورێک بۆ کارە نارێکخراوەییەکانی ئەم ڕەوتە دابنێین و ئۆرگان و دەرهاویشتە و بڕیارەکانی کۆنگرە بژێنینەوە و بە هۆیەوە سەروسامان بە کاری ڕێکخراوەیی بدەینەوە. پرۆژەی چاکسازیمان پێشکەش کرد و داوای هاوڕێیانەمان لێکردن کە گوێمان لێبگرن و لە ژیانی ناوخۆی ڕێکخراوەیدا پیادەی بکەن. بەڵام لە بەرامبەر ئەم هەوڵانەی ئێمەدا لادان و سەرپێچی لەسەر هەموو ئاستەکاندا بە فراوانی درێژەیان هەبوو.

لەم ڕەوش و بارودۆخەدا بە ئاشکرا و بە بەرچاوەوە بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆ و بڕیارەکانی کۆنگرە ژێرپێخران و سەرجەم پەیوەندی و کاروباری ناوخۆی ڕێکخراوەکە بە گیانی دردۆنگی و ناتەبایی و بەدگومانی بارگاویی کران. هەڵوێست و بەرخوردی ناشایستەی سەرپەرشتیار بوونە مایەی دەست لەکارکێشانەوە و خۆسڕکردنی زۆرێک لە ئەندامە دڵسۆز و هەڵسوراوەکانی چاک، بەڵام ئەوان نەک هەر لە هۆکارەکانی کەوتنەوەی ئەم دۆخە ناسروشتیەیان نەپرسیەوە و بە دوای چارەسەرێکدا نەگەڕان، بەڵکو بە خۆشی و چەپڵەڕێزانەوە پێشوازیان لە وازهێنان و خۆسڕکردنی ئەو هاوڕیانە کرد.

ئەم باڵە ڕاگەیاندن و کەناڵەکانی پەیوەندیان لەسەر خۆیان قۆرخ کرد و بەناوی چاک و بەکەڵک وەرگرتن لە ئارم و لۆگۆی ڕێکخراو، لێدوان و نوسینی بێسەر و بەر و ناژیرانە و بێ لێکدانەوەیان لەمەڕ مەسەلە و ڕووداوەکان بڵاودەکردەوە، بە کردنەوەی ماڵپەڕێکی تازەش زیاتر

بۆ ئەم مەبەستە هەوڵیاندا. پیادەکردنی سیاسەتی دوفاقێتی و هەڵوێستی ناجۆر و ناڕەوا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کۆمیتەکان بوونە ڕەوش و شێوازی باو لە ناو ڕێکخراودا. کار گەیشتە ئەوەی بە ئارەزوی خۆیان و هەرچۆن بە قازانجیان بوو دەستکاریان لە ئەرک و مافی ئۆرگان و پۆستەکانی ڕیکخراودا کرد و تەنانەت ئەرک و ڕۆڵی دەستەی بەڕێوەبەری هەڵبژێردراوی کۆنگرەشیان بە کردەوە هەڵوەشاندەوە . دوا هەنگاویشیان لەم ئاڕاستە چەوتەدا هەوڵدان بووە بۆ بەستنی کۆنگرەیەکی بێ هەلومەرج و نائاسایی، هەتاکو بە فەرمی کودەتا سپیەکەی خۆیان لە ناو ڕێکخراودا بە ئەنجام بگەێنن و لە باتی چارەسەر و چاکسازی، پاکسازی هەموو ڕەخنەگران بکەن و بە تەواوەتی دەست بەسەر چاکدا بگرن!

ئێمە لە بەرواری 9.8 دا بە فەرمی، وەک جێگری سەرپەرشتیار و زۆرینەی دەستەی بەڕێوەبەر، یاداشتنامەی ناڕەزایەتیمان ئاڕاستەی سەرپەرشتیار کرد و لە هەموو هەنگاو و دیاردە و سەرپێچیەکانی ئەم چەند وەختەی ناو چاک ئاگادارمان کردەوە و ئەم جۆرە کردار و ڕەفتارانەمان سەرکۆنە کرد، وە بە هەوڵدانێکی بە کردەوەمان زانی بە ئاڕاستەی جیابوونەوە و دروستکردنی ڕێکخراو لە ناو ڕێکخراودا. بۆ ڕاگرتن و ڕاستکردنەوەی هەموو ئەوانەش دیالۆگمان پێشنیار کردو کات و مۆڵەتی پێویستمان خستە بەردەم. بەڵام ئەم سەرپەرشتیارە لوت بەرزە وەڵامی کورت و کوێری پێداینەوە و خۆی لە خاڵە جەوهەریەکانی نامەکەی ئێمە نەدا و بۆ جارێکی تر بێ ڕێزی و بێ دەربەستی خۆی بۆ چارەسەری کێشە قوڵ و گەورەکانی ڕێکخراو نیشان دایەوە.

ئێمە هاوپێچ لە گەڵ ئەم ڕوونکردنەوەیەدا، دەقی ئەو نامەیەتان بۆ دەنێرین کە ئاڕاستەی سەرپەرشتیارمان کردووە. ئێوەش ئازادن لە گەیاندن و بڵاوکردنەوەی بۆ ڕای گشتی نەتەوەکەمان.

ئێمە وەک زۆرینەی دەستەی بەڕێوەبەری چاک، چیتر ناتوانین بەرامبەر ئەم ڕەوش و بارودۆخە مەترسیدارەی باڵی بەسەر چاکدا کێشاوە، بێدەنگ بین و لە ڕێگەی ئەم ڕوونکردنەوەیەشەوە دەست بەکاربوونەوەی خۆمان وەک ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد ڕادەگەێنینەوە، لە هەمان کاتداهەموو هەوڵ و کۆشش و بڕیارە ناڕەوا و سەپێنراوەکانی تا ئێستای ئەو برادەرانە بە نافەرمی دەناسێنین و لەمەش بە دواوە وەک پارێزەری شەرعی و ڕاستەقینەی ڕێبازی چاک درێژە بە کارو چالاکیەکانی خۆمان ئەدەین و پرۆژەی چاکسازی پەسەندکراویی دەستەی بەڕێوەبەر پیادەدەکەین.

هاوکات لە گەڵ ئەمەدا بەم نزیکانەش سەرخەتی گشتی هەنگاوەکانی کارکردن و پرۆژەی چاکسازی و شێوازەکانی تازەی خەباتی ڕێکخراوەیی و جەماوەری خۆمان، بۆ قۆناغی پێش بەستنی کۆنگرەی شەرعی چاک، بە دیدی هەموو لایەک دەگەێنین.

لێرەشەوە بە خۆشحاڵیەوە ڕادەگەێنین، کە ماڵپەری سەرەکی ناوەندی چاک کە بریتین لە www.nawandihalabja.com , www.chak.info سەر لە نوێ دەست بەکار بوەتەوە و هەوڵیش دەدەین بە هاریکاری دڵسۆزان و خەمخۆرانی میللەتەکەمان باشتر لە جاران بیکەینە ئاوێنەی باڵا نوێنی دۆزی ڕەوای گەلە بندەستەکەمان. هەر لەم پەیوەندیەشدا و بە مەبەستی پەیوەندیگرتن و ناردنی هەر نامە و هەواڵ و بابەت و پێشنیارێک بۆ ئێمە، داواکارین لە هەموو کەس و لایەنێک، تەنها لە ئیمایلی سەرەکی ناوەندی چاک کەڵک وەرگرن (chak.org@gmail.com )!

لێرەشەوە ڕوی دەممان ئەکەینە باڵی سەرپەرشتیار و داواکارین لێیان، ئەگەر درێژە بە خەت و ڕێبازی تایبەتی خۆتان ئەدەن و ناتانەوێت چیتر لە ناو چاکدا درێژە بە کار و چالاکیەکانی

خۆتان بدەن، باشترە  ناو و ئارم و ناونیشانی تازەتان لە کاری ڕێکخراوەیدا بە کاربهێنن، بۆ ئەوەی ڕاگەیاندنەکان سەریان لێ نەشێوێت و بوار بۆ  چەواشەکاری نەمێنێتەوە.

دەستەی بەڕێوەبەرو ناوەندی چاک
2007/9/22

www.chak.info
chak.org@gmail.com